کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 18:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو ئەم جارەش گەمەکەی لە مەلا بەختیار بردەوە! ... هێمن حسێن

هەرگیز باوەرم نە دەکرد لە سەرکردایەتی کورد دوای چەندین پرۆتۆکۆڵ و دانیشتنی نێو دەوڵەتی بکەوێتە هەڵەیەکی سیاسی وەك ئەم جارە کە بینرا لە بەیاننامە کەی هەردوو مەکتەبی سیاسی پ. د. ك و ی. ن. ك لە بەرامبەر دانیشتنەکەی چەند گروپێکی سیاسیی خاوەن جەماوەر لە قاهیرە. هەر لە سەرەتای بە یاننامەکەدا هەست بە لاوازی گوتاری سیاسی کورد دەکرێت کاتێك چەند وشەیەکی وەك هەتیوەکانی سەددام و خائین و گەلێك شتی تر کە دوور لە هەڵچونێکی مەبەستدار هیچی تری نە ئەگەیاند. حەیفە دیبلۆماسیەتی کورد لە وەها لاوازیدا بێت لە کاتێکدا بەرەو دروستکردنی نیمچە دەولەتَێکداین. ئاخر ئەمە چ سیاسەتکردنێکە تۆ لە بەغداد پی ی بڵێیت دۆستی گەورەی کوردوهاوری ی عەلمانیمان کە مەبەستم عەللاوییە لە کوردستانیش بە خائین و خۆفرۆش ناوییبەریت. ئەری بەراست هەر ئێوە نەبوون شینتان دەکرد بۆ حوکومەتی عەللاوی؟؟

ئێستا بۆ بوو بە دوژمن، باشە چیبکەین گەر هاتەوە سەر حوکم؟ کە ئەگەری گەورەی هەیە و ئەمەریکا پاڵپشتی دەکات!ئەمە سیاسەتیئێستای سەرکردایەتی کورد؟ بەڵام لەمە موسیبەت تر ئەوەیە کە کە سێکی وەك مەلا بەختیار بووە بەدەم راستی سیاسەتی کوردلە کوردستان!لەم کێشەیەی نێوان یەکگرتوو و سەرکردایەتی کورد یاخود یەکیەتی بە تایبەتی، بۆییە ئەڵێم یەکییتی چونکە وەك هەستی پێکرا ئیعلامی یەکییەتی ئاگرەکەی خۆشکردو هێرشی کردە سەر یەکگرتوو وە زۆر هەوڵیاندا پارتی تێوەگلێنن، بەڵام پارتی جگە لە بەیاننامەکە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. بەڵکو لەلایەن کاك نێچیرڤان بارزانییەوە روونکردنەوەکەی یەکگرتوو پشت راستکراییەوە.

مەلا بەختیار کارگێری م. س یەکییەتی و سەرۆکی ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان وبەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان (لە رێگەی ئەم پۆستەشەوە دەست تێوەردەری گشت سەنتەرو سەندیکاکانە) و داکۆکیکەری گەورەی دیموکراسی گەلی کورد وبەرپرسی رۆژنامەی چاودێر. لەمیانەی رۆژنامە رەسمییەکەی خۆیدا هێرشێکی بی مانای کردە سەر یەکگرتوو بە بیانووی کۆبونەوەی قاهیرە. هەر بە دارشتنی هەواڵەکاننەوە نە وەستا بەڵکو سی سەروتاری نووسی بە ناوی ئاشکرای خۆی کە دوانیان رەتکردنەوەی سەروتارەکەی یەکەمجاری خۆییەتی؟!!دیارە نوسراووەکانی و هەواڵەکانی مەلا بەختیار پرە لە هەڵەی لۆجیکی و بوختانی بی بنەما. ئەوەی سەروتارەکانی مەلا بەختیار بخوێنیتەوە ئەوجا قوربەسەری گەلی کوردو یەکییەتیت بۆ دەردەکەوێت کە کە سێکی ئاوا بووە بە دەم راستی؟؟ئەری خەڵکینە ئەم برادەرە باسی موخابەراتی تورکیام بۆ دەکات!!!کو رە قسەمان پیٚ مەکە!!مەلەف هەڵمەدەرەوە. واش مەزانە خەڵکی کورد زۆر گێلۆکەیە! بروا بە نوسیننەکانی چاودێر بکات وحەماسیەت بیگرێت و جارێکی تر پەلاماری بارەگاکانی یەکگرتوو بدات! خەڵکی کوردستان بۆی سەلما کە یەکگرتوو کوردستانیەلە رێگەی هەڵوێستەکانی لە پەرلەمانی عێراق بە شاییەتی پەرلەمانتارەکانی هاوپەیمانی کوردستان کە لە کاتێکدا بە لیستی جیاش دابەزی!وتۆ لێت کردین بە خائین ودژەکورد. وامەزانە گەنجێکی وەك من وهاوشێوەکانم جارێکی تر بکەوینە ژێر نوسراوەکانی تۆ. ئێمە شتەکان وەك خۆی دەبینین هەرگیز ناکەوینە ژێر رەحمەتی (زللە) ی دیموکراسی جەنابت. یەکگرتوو لە ساحەداییە شەرت نییە هەرچی ئێوە بە دڵتاننە بیکات. وەك ئەمیندارەکەیان رایگەیاند قایرۆپاشکۆ نین. بە دوو قسەی ئێوەو نوسەرەکانت نەك پەشیمان نابێتەوە بەڵکو زیاتر هاندەدرێت. خەڵك ئەمرۆ زۆر هۆشیارە وە تورە نیە لەم کارەی یەکگرتوو وە جەنابت کردوتە مانشێت، بەڵگەشم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 18:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەرنامەکانی نەواو راپرسییەکەی هاولاتییە. تۆ باش دەزانیت خەڵك لە بەر ئەوە لە یەکگرتووتورەییەچونکە حیزبێکی شەرمن و بی توانابیە لە بەرامبەر کارەکانی تۆو هاوشێوەکانت! یەکگرتوو لێهاتوانە ئەم جارەش گەمەکەی لە تۆ بردەوە. کاتێك ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان روونکردنەوەکەی یەکگرتوویان قبوڵکرد ئیتر پێۆست بە خرۆشانی زیاتر ناکات، کورد لە م سەردەما پیوستە بە شدار بێ لە گشت کاییە سیاییەکان. و بەرەکان بۆ داکۆکیکردنی زیاتر، ئەگەر بە سیاسەتی مەلا بەختیار برۆین بە تاوانبارکردنی یەکتری ئەوا ماددەی 140 و دەستکەوتەکانی ترمان لە کیس دەچێت. ئە وکات کاك مەلا بەختیار پێمان دەڵێت خەتا ی ئێمە نەبوو خە تای مالیکی خائین بوو. خواییە لامان بەیت لە خییانەتی گەورە. !

هێمن حسێن-هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.